وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە :   ٢٨٩٢
ڕێکەوت :  ٢٨  /  ٨  /  ٢٠٢٢

---

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.١٨- ٢٠٢٢) تەندەری پرۆژەی

## ( ڕێگا سازی گەڕەکی ڕاپەرین لە قەزای کفری )

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەلێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن ( سەرۆکایەتی شارەوانی کفری ) , لە سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان/ئیدارەی گەرمیان سالّی ٢٠٢٢ جێ بەجێ دەکرێت , هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر .  ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ٢٧٠ ) دوو سەد حەفتا ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) سالّی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
• وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (سێ شەممە ٣٠/ ٨ /٢٠٢٢ )ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (یەک شەممە ١٨ / ٩ / ٢٠٢٢) کاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( ٣٠٠,٠٠٠ ) سێ سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( سێ شەممە ٢٠ / ٩ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١١:٣٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەلّگەنامەکانی تەندەر بکات.
• بەشـداربوان بـۆ هەر پرسـیار و ڕوونکـردنەوەیەك لەســەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی ئیـدارەی گەرمیـــان / ب. گرێبەستەکان بکەن .
• مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلّێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلّێنکردنیان ( ٢ تا ٤ ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەلّێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.
٢- بـارمتەی یاسـای بە بـڕی ( ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ ) سـی ملیـۆن دینـار دەبێـت بە چەکێکـی بـاوەڕ پێکـراو ( مصدق ) یـان دەستەبەری بـانکی ( خطاب ضمان ) لە بانکیکی باوەر پی کراو لە هەریمی کوردسـتان, بـو ئیـدارەی گەرمیـان وە نـاوی پـرۆژەکەی لەسـەر بنووسـرێت ماوەی ( ١٢٠) سەد و بیست ڕۆژ بیت وەک بارمتەی تەندەر لە کاتی گەڕانەوەیدا .
٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .
٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلّێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .
٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلّێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی سالّی (٢٠٢٢) یان هەبێت .
٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسـراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هۆکـاری پێویسـت هەلّبووەشێنێتەوە .
٧- دەسەلاّتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبولّ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

رامیار عبدالرحمن احمد
ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان